سوپای سودان بەردەوامە لە پێشەویەکانی لە پایتەخت بەرامبەر هێزەکانی پشتیوانی خێرا

ئاژانسی عەرەبیە رایگەیاند، سوپای سودان بەردەوامە لە پێشەویەکانی لە پایتەخت بەرامبەر هێزەکانی پشتیوانی خێرا و بارگای بانکی ناوەندیی کۆنترۆڵکردووە.

ئەمە شەممە ٢٢ـی ئازاری ٢٠٢٥، ئاژانسی هەواڵی عەرەبیە لە زاری دوو سەرچاوەی سەربازییەوە بڵاویکردەوە، سوپای سودان توانیویەتی پێشەوی زیاتر بکات و بەشێك لە شوێنەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پشتیوانی خێرای کۆنترۆڵکردووە لەنێویاندا بارەگای بانکی ناوەندی وڵاتەکە.

ئۆوش دوای رۆژێک دێت کە سوپا کۆنترۆڵی تەواوی کۆشکی سەرکیی کرد، ئۆوش دەبێتە دەستکەوتێکی گەورە لە ململانێی دوو ساڵە لەگەڵ هێزەکانی پشتیوانی خێرا، کە هێشێی دابشکردنی وڵات دەکات.

دوێنێ هەینی وەزارەتی دەرەوەی سودان لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، سوپا و هێزە پاڵپشتیکارەکان کۆشکی کۆماری و بیناکانی وەزارەتەکانیان سودان، ناوەندی خەرتومی پایتەختیان کۆنترۆڵکردووە.

ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەو سەرکەوتنە بۆ ئەوان دەستکەوتکی گرنگە و بۆ دوژمنانیان و ئەو وڵاتانەی دەستیان لە کاروباری وڵاتەکەیان وەردەوە لەناوچنی پیلانگێییەکەیانە.

ئەمش لە کاتکدایە، زیاتر لە دوو ساڵ جەنگی ناوخۆی سودان بەردەوامیی هەیە، بە گوێرەی ئامارکی نێتەوە یەکگرتووەکانیش، دەیان هەزار کەس کوژراون و و زیاتر لە ١٢ ملیۆن سودانیش بەهۆی جەنگکەوە ئاوارە بوون.